# باخچەی ساوایان و قوتابخانە لە شارەوانیی هێسلێهۆڵمدا

بەڕێوەبەرایەتیی کاروباری منداڵان و پەروەردە بەرپرسی باخچەی ساوایان، چاودێریکردنی پەروەردەیی، خانەی چاودێریکردنی منداڵانی قوتابخانە، قوتابخانەی بنچینەیی، قوتابخانەی ئامادەیی، قوتابخانەی تایبەت بە منداڵی گەشەشێواو و قوتابخانەی فەرهەنگییە.

لە کاتێکدا تۆ کار دەکەیت یان دەخوێنیت منداڵەکەت، تا دەبێت بە دوانزە ساڵ، مافی خۆیەتی لە باخچەی ساوایان، خانەی چاودێریکردنی منداڵانی قوتابخانە یان لە چاودێریکردنی پەروەردەییدا جێی بۆ دابین بکرێت. تۆ کە منداڵی یەکساڵان تا شەشساڵانت هەیە مافی ئەوەیشت پێ ڕەوایە کە جێ بۆ منداڵەکەت دابین بکرێت ئەگەر لە کار دەگەڕێت یان ئەگەر بە دیار منداڵێکی ترتەوە لە ماڵەوە دەمێنیت. بۆ جێ لە باخچەی ساوایان یان لە خانەی چاودێریکردنی منداڵانی قوتابخانەدا جۆرێک مز دەدرێت. منداڵی سێساڵان تا شەشساڵان مافی خۆیانە بۆ ماوەی پانزە سەعات لە حەفتەیەکدا جێی بێمزیان لە باخچەی ساوایاندا بۆ دابین بکرێت.

لە هێسلێهۆڵم بیستوپێنج قوتابخانەی بنچینەیی بە خانەی چاودێریکردنی منداڵانی قوتابخانەوە، پەنجا باخچەی ساوایان و قوتابخانەی ئامادەیی هەیە. قوتابخانەی بنچینەیی تایبەت بە منداڵی گەشەشێواو لە گەڵێک قوتابخانەی بنچینەییدا هەیە و بۆ قوتابیی گەشەشێواوی ئامادەیی قوتابخانەی ئامادەیی تایبەت هەن. هەموو منداڵێک لە سوید دەبێت بۆ قوتابخانەی بنچینەیی بچێت کە خوێندن لێیدا بە خۆڕاییە. تۆ وەک سەرپەرشت لەوە بەرپرسی کە منداڵەت بۆ قوتابخانەی بێت.

لەو ساڵەوە کە منداڵەکەت دەبێت بە شەشساڵان، لە قوتابخانەیەکی نزیکدا جێیەکی بۆ تەرخان دەکرێت. لە یەکەم ساڵیدا منداڵەکەت لە پۆلێکی پێشقوتابخانەدا دادەنرێت. خوێندن لە پۆلی پێشقوتابخانەدا ئارەزوومەندانەیە و ساڵێک دەکێشێت، بەڵام زۆربەی زۆری منداڵانی سوید لەم چالاکییە بەشدار دەبن کە بە مەبەستی ئامادەکردن بۆ قوتابخانە بە ڕێوە دەبرێت. لەو ساڵەوە کە منداڵەکەت دەبێت بە حەوتساڵان خوێندنی نۆساڵانی ئیجباری لە قوتابخانەی بنچینەییدا دەست پێ دەکات.

دوای تەواوکردنی خوێندنی بنچینەیی، مرۆڤ بۆی دەڕەخسێت قوتابخانەی ئامادەیی یان، ئەگەر مرۆڤ نۆزدە ساڵی تێ پەڕاندبێت، خوێندنێکی تر هەڵ ببژێرێت. لە هێسلێهۆڵمدا ئەو گەنجانەی بۆ سوید دێن و شانزەساڵان تا بیستساڵانن، لە بنکەی لاواندا بواری خوێندنیان بۆ دەڕەخسێنرێت. بنکەی لاوان ئامادەییەکی ڕاهێنان و ئامادەکردنە کە لە خوێندندا بایەخێکی زۆر بە زمانی سویدی دەدات. لە بنکەی لاواندا، قوتابی، جیا لە زمانی سویدی، وانە و بابەتی تریش دەخوێنێت تا شیاوی ئەوە بێت لە بەرنامەیەکی نیشتیمانی لە قوتابخانەی

ئامادەییی لاواندا وەر بگیرێت. بۆ شیان و وەرگیران لە ئامادەیی لاواندا بە لای کەمەوە هەشت شیاننامە لە لاو بە مەرج دەگیرێت کە لە نێویاندا *سویدی وەک زمانی دووەم* ئیجبارییە. ئەو شتانەی بۆ بەدەستهێنانی شیاننامە پێویستن، دەتوانیت لێرەدا بیانخوێنیتەوە: (http://www.skolverket.se/laroplaner-amnen-och-kurser/grundskoleutbildning/grundskola/svenska-som-andrasprak)

بەپێی دووریی قوتابخانە هۆی هاتوچۆی منداڵەکەت بۆ قوتابخانە بە خۆڕایی دابین دەکرێت. تۆ وەک سەرپەرشت دەتوانیت قوتابخانەیەکی تر بۆ منداڵەکەت هەڵبژێریت، بەڵام لە بارێکی وادا دەبێت خۆت خەرجیی هاتن و چوونەکەی بکێشیت.

لە باخچەی ساوایان و قوتابخانەدا خۆراک بە منداڵ و قوتابی دەدرێت. ژەمەکانی خواردن دەکرێت لەگەڵ ئەو منداڵانەدا بگونجێنرێن کە لەبەر هۆی تەندروستی یان ئایینی پێویستیان بە گونجاندنی ژەمەکانە. لە قوتابخانەی بنچینەیی و ئامادەییدا پەرستیار و پزیشکی قوتابخانە هەن، هەروەها دەروونناسی قوتابخانە و ڕاوێژکاری کۆمەڵایەتی.

## ڕێسای ڕێکوپێکی و جیاوازینەکردن

بۆ ئەوەی هەموو کەسێک لە باخچەی ساوایان و قوتابخانەدا تەندروست بێت و لە گەشە نەکەوێت، هەموو قوتابخانەیەک ڕێسای ڕێکوپێکی و نەخشەی جیاوازینەکردنی هەیە کە هەم کارمەندانی قوتابخانە و هەم قوتابییەکان دەگرنەوە.

لە قوتابخانەدا بەپێی یاسا قەدەخەیە کەسێک لەبەر زایەند، ڕەگەز، چینی کۆمەڵایەتی، مەیل و مۆرکی سێکسی، ئایین یان بیروبۆچوونی تری ئیمانداریێتی، کەمئەندامێتی و تەمەن هەروەها لەبەر دەربڕین یان پێناسەی سنووربەزێنی زایەند هەڵاوێردرێت و جیاوازیی لەگەڵدا بکرێت.

هەروەها قەدەخەیە یەکتر بە کەم بگرن و سووکایەتی بە یەکتر بکەن. لە باخچەی ساوایان و قوتابخانەدا نابێت توندوتیژی ڕوو بدات، جا ئیتر بە دەم بێت یان بە دەست. ئێمە ناکۆکییەکان بە قسە و لێدوان چارەسەر دەکەین. دەکرێت لە هەموو بارودۆخێکدا پەنا بۆ گەورە و مامۆستاکان ببرێت.

## هاوکاریی نێوان ماڵەوە و باخچەی ساوایان یان ماڵەوە و قوتابخانە

وەک سەرپەرشت تۆ هەمیشە دەرگات لە ڕوودا کراوەیە کە سەردانی باخچەی ساوایان و خانەی چاودێریکردنی منداڵان و قوتابخانە بکەیت. هاوکاریی نێوان تۆ و

باخچەی ساوایان یان نێوان تۆ و قوتابخانە بۆ ئارامی و گەشەکردنی منداڵەکەت گرنگە. لە قوتابخانە ژمارە یان کۆدی چوونە نێو بەرنامەی ئینتەرنێتیی (سکولسۆفت)ـت پێ دەدرێت کە لێیدا زانیاری لەبارەی هەم فێربوونی منداڵەکەتەوە هەیە هەم زانیاریی گشتی دەربارەی ئەوەی کە چی لە قوتابخانەدا ڕوو دەدات.

باخچەی ساوایان و قوتابخانە بەرپرسی چاودێریکردنن. ئەگەر منداڵەکەت بۆ باخچەی ساوایان یان قوتابخانە نەچێت، دەبێت تۆ پێش کاتی دەستپێکردنی قوتابخانە ڕایبگەیەنیت. قوتابخانە پێوەندی بە پۆلیس یان بەڕێوەبەرایەتیی کاروباری کۆمەڵایەتییەوە دەکات ئەگەر لەگەڵ ئامادەنەبوونی منداڵەکەت لە باخچەی ساواین یان لە قوتابخانەدا نەتوانین پێوەندیت پێوە ببەستین. ئەمە بۆ ئاساییشی منداڵەکەتە بۆیە گرنگ وایە باخچەی ساوایان و قوتابخانە دوایین زانیاریی پێوەندیکردنیان بە تۆوە هەبێت.

لە باخچەی ساوایان و لە قوتابخانە بۆ لێدوانی گەشەکردن بانگ دەکرێیت کە سەبارەت بە گەشەکردنی منداڵەکەت ڕووەو ئەو ئامانج و پێوەرانەی زانیاری دەبێت کە ڕێی پەروەردە و فێرکردنەکە دیاری دەکەن.

وەک سەرپەرشت تۆ هەمیشە بۆت هەیە سەرنج و تێبینییەکانت ڕابگەیەنیت. لە ڕێی ئۆرگانی هاوکاریی قوتابخانەوە، ئەنجومەن یان کۆمەڵەی دایکوباوکانەوە، دەستەی بەڕێوەبەرایەتیی ناوچەوە دەتوانیت لەگەڵ دایک و باوکی تردا بیت و کاریگەری بنێیتەوە.

ئەگەر دەتەوێت زانیاریی زیاترت دەربارەی قوتابخانە و باخچەی ساوایان لە هێسلێهۆڵم دەست بکەوێت سەردانی (www.hasslaholm.se) بکە.

زانیاریی زیاتر دەربارەی باخچەی ساوایان و قوتابخانە لە سوید لە نامیلکەی *باخچەی ساوایان بۆ منداڵی تۆیە، قوتابخانە بۆ منداڵی تۆیە* هەروەها *خانەی چاودێریکردنی منداڵانی قوتابخانە بۆ منداڵی تۆیە*ی بەڕێوەبەرایەتیی قوتابخانەکاندا دەست دەکەوێت. تۆ ئەمانەت لە چوون و لێدوانت بۆ ناونووسکردنی منداڵەکەت لە قوتابخانە و باخچەی ساوایاندا پێ دەدرێت.

## گوتنەوەی زمانی دایک

قوتابییەک سەرپەرشتەکەی زمانێکی تری دایک و زگماکی جیاواز لە زمانی سویدیی هەبێت، وانەی زمانی دایکی لەو زمانەدا پێ دەگوترێتەوە ئەگەر

1. زمانەکە زمانی دوان و قسەکردنی ڕۆژانەی قوتابییەکە بێت لە ماڵەوە و
2. قوتابییەکە زانیاریی بنەڕەتیی لەو زمانەدا هەبێت.

بەڕێوەبەری قوتابخانە بڕیاری گوتنەوەی زمانی دایک دەدات. بەو مەرجەی پێنج قوتابی لە شارەوانییەکەدا بیانەوێت ئەو زمانە بخوێنن و مامۆستای گونجاو لە زمانەکەدا هەبێت.

بەڵام قوتابیی خاوەن زمانی کەمینەی نەتەوەیی وانەی زمانی دایکی بۆ دابین دەکرێت با زمانەکە زمانی قسەکردن و لێدوانی ڕۆژانەیشی نەبێت. زمانەکانی کەمینە نەتەوەییەکان پۆل و وانەیان بۆ دادەنرێت ژمارەی قوتابییەکانیان هەرچەندێک بێت.

## سویدی وەک زمانی دووەم

سویدی وەک زمانی دووەم، ئەگەر بەڕێوەبەری قوتابخانە بڕیار بدات، جێی وانەی زمانی سویدی دەگرێتەوە بۆ:

1. ئەو قوتابییانەی کە زمانی داکیان زمانی سویدی نییە،
2. ئەو قوتابییانەی کە زمانی سویدی زمانی دایکیانە و لە قوتابخانەی دەرەوەی وڵاتەوە وەرگیراون
3. ئەو قوتابییە کۆچهاوردووانەی کە زمانی سویدی زمانی سەرەکیی قسەکردنیانە لەگەڵ یەک لە سەرپەرشتەکانیان.

مافی خوێندنی سویدی وەک زمانی دووەم بە قوتابی ڕەوایە بێ لەبەرچاوگرتنی ئەوەی قوتابییەکە لە چ ئاستێکی زماندایە چونکە هەموو قوتابییەک مافی خۆیەتی بەپێی توان و هەلومەرجەکانی خۆی بخوێنێت. بەڵگەنامەی وانەی سویدی وەک زمانی دووەم هاوسانی بەڵگەنامەی وانەی زمانی سویدییە و دەکرێت ئەم وانەیە لە سەرتاسەری کاتی قوتابخانەدا بخوێندرێت.

## ڕێنوێنیی خوێندن بە زمانی دایک

ڕێنوێنیی خوێندن چارەیەکی پشتگیرییە کە قوتابخانە تێی دەهێنێت ئەگەر قوتابی پێویستی پێی هەبێت. ڕێنوێنیی خوێندن دەکرێت بە شێوەی جیا ڕێک بخرێت و جۆری پێویستییەکە بڕیاری دەدات.